# پرسی ڕێبەرایەتی سیمبۆلیک/کاریزماتیک ی کورد،

# قۆناغی دوای مام جەلال



ئازاد کەریمی


نووسەرداواکارە بە ئامانەتەوە لەگەڵ بابەتەکەی هەڵسووکەوت بکرێ،هەم بۆ وێنەکان وهەم لە کەڵک وەرگرتن لە دەقی نووسراو...تکایە با ڕێز لە قەڵەم و نووسین بگیردرێ...

# ١


دوێنێ ڕەوانشاد سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی یەکێ لە دوو سەرکردەی بەناوبانگی هاوچەرخ لە باشووری کوردستان ئەم جیهانەی بەجێهێشت و کۆچی دوایی کرد.

دوای ڕووخانی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣ دا،جۆری مەئموریەتی ڕێبەرایەتی ئەو دوو سەرکردەی باشوری کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و دیارە ئەرک و مەسئولیەتی مام جەلال بە هۆی ئەوەی دوو خولی سەرۆککۆماری عێراق کەوتە سەرشانی، کاردانەوەی لە هەست کردن بە وجودی مەعنەوی ئەو سەرکردە گەورە لە باشووری کوردستاندا هەبوو.
مام جەلال کاتێ بوو بە سەرۆککۆماری عێراق ،خۆی پێش هەموو کەس دەیزانی کە دەبێ لایەنگری لە دۆزی کورد دژ بە دەوڵەتی ناوەندی لە بەغدا نەکات، لەبەر ئەوەی عێراقیەکان ئەوەیان نەدەویست و جیهانی دیپلۆماسی ئەوەی قەبووڵ نەدەکرد لەو سۆنگەوە سەرۆکی عێراقە نەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نابێ مام جەلال وەک سەرۆکی عێراق پشت لە بنەماکانی ئەو وڵاتە بکات.

مام جەلال سەرۆکی فێدێرال بوو،سەرۆکی بەشێک لە عێراق نەبوو سەرۆکی یەکەی عێراق بوو، هەرچەندە لەگەڵ جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی سەرکردەی دیکەی باشووری کوردستان پێکهاتبوون کە مەئموریەتەکانیان بەو جۆرە بگۆڕن.



جەنابی مام جەلال کاتێ چووە بەغدا متمانەی هەبوو کە جەنابی بارزانی ئەرکەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان بە ئەنجام دەگەیێنێ و باری سەرشانی ئەویش لە بەغدا سووکتر دەبێ و وەک سەرکۆماری عێراق کارو باری خۆی ڕادەپەڕێنێ.



دیاره پۆستی سەرۆککۆماری لە عێراقدا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت واتە ئەنجومەنی وەزیرانی نەبوو، سەرۆککۆماری لە عێراق بە واتای هێمای یەکگرتوویی یەکەی ئیداری عێراقی فرەنەتەوە بوو،هەرچەندە دەسەڵاتێکی سنووورداری بۆ دیاری کرابوو کە سەرکۆمار دەتوانێ ئەو دەسەڵاتانە بەکاربهێنێ بەڵام لەلایێکی دیکەوە ئەوە دەرفەتێکی زێرین بوو کە مام جەلال لە جیهانی دیپلۆماسیدا سەرۆکی وڵاتانی جۆراوجۆر ببینێ و پێوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیەکانی جیهان درووست بکات.

مام جەلال سەرەڕای ئەوەی کە سەرکەردەیەکی کورد بوو هەوڵی بۆ ئاشتی نەتەوەیی لە عێراق دەدا،تاکتیکە بەناوبانگەکانی بۆ پینە کردنی کێشەناوخۆییەکانی عێراق و نزیک کردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی عێراق کە هەموویان بە جۆرێک دژی یەک بوون تەنیا لە توانای ئەودا بوو بەڵام دەستوەردانەکانی ئێران لە کاروباری عێراق و نەزانکاریی سیاسی باراک ئۆباما وەک سەرۆککۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا و پەلە کردن لە بردنە دەرەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق دەستی ئێرانی ئاوەڵا کرد لەوەی کەسانی وەک نوری مالکی و حەنان فەتلاوی وئیبراهیم جەعفەری هان بدات بۆ ڕفاندنی گۆی دەسەڵات بە شێوەی بەدەر لە یاسای گەمەکردن. هەر بۆیە ئەیادعەلاوی سێکیولارخرایە پەراوێزەوە و نوری مالکی بە گوێرەی ڕێکخستنی بەڵێنیی لایەنەکان بە کوردیشەوە هاتە سەر حوکم و هەر لە دەسپێکەوە کاری بۆ تێکدانی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان کرد و دیارترین هەڕەشەی مالکی جووڵاندنی سوپای عێراق بەرەو کەرکووک لە ئۆپێراسیۆنی دجلە لە پاییزی٢٠١٢دا بوو...لەو سەردەمەدا مام جەلال باری تەندرووستی تێک نەچبوو...

## ٢

مام جەلال وەک سەرکۆماری عێراق بە چاوی خۆی بینی کە هەموو هەوڵەکانی بۆ ئاشتی جەماوەری لە عیراق لە لایەن مالکی و ئێرانەوە ڕووبەڕووی ڕیسکێکی گەورە بووەتەوە،هەرچەندە مام جەلال بە هۆی پیری ونەخۆشینەوە لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٢وە لە گۆڕەپانی سیاسەت دوورکەوتەوە و دواتر نوری مالکی وەک سەرۆکوەزیران دەوری نەما لە عێراقدا بەڵام یەک ڕاستی ڕوون و ئاشکرایە :
کێشەکانی عێراق هێندە قورس و ئاڵۆزن کە هەموو سەرکردەیەک دەکاتە قوربانی! بۆ وێنە ئێستا سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێز "فوئاد مەعسوم" کەوتوەتە ژێر گووشارەوە و فراکسیۆنی عەرەب لە پەرلەمانی عێراق خەریکە متمانەی لێدەستێنێتەوە.

بەڕێز مام جەلال بە هۆی زەخت و گووشاری بێوێنەی مالکی و داروودەستەکەی نەخۆش کەوت وخانەنشین کرا، سەدام حسێن بەو دەردەوە چوو،البکر بە پلانی سەدام حسێن لەکار لابردرا، عەبدوڕەحمان عارف وعەبدوسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم کوژران و تێرۆر کران و دەوڵەتی شاهەنشایی لە عێراق ساڵی ١٩٥٨ دوای کودەتاییک کە خوێنی زۆری تێدا کرا بە کوژرانی مەلک فەیسەڵ دووهەم کۆتایی پێهات.

دەگێڕنەوە دوای کودەتای ڕۆژی ١٤ی مانگی جولای ١٩٥٨ ودەسگیر کردنی "نوری سەعید" سەرۆکوەزیرانی شاهەنشایی عێراق و پاش دادگایی کردن و پێش سەپاندنی سزای سێدارە بەسەریدا کوتی "بە کوشتنی من عێراق قەت ڕووی ئاسایشی بەخۆیەوە نابینێ..لە بەر ئەوەی من دەرپۆشی گوواوەکەی عێراقم ئەگەر من لابەن بۆنی گەندوگووی عێراق هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێت!"
(مەبەستی نوری سەعید کەش و هەوای سیاسەتی عێراقە نەک گەلی عێراق بە کوردیشەوە).

هەموو ئەو دەوڵەتانەی دوای کودەتا هاتوونەتە سەرکار لە عێراق بەڵێنیان بە کورد داوە کێشەی کورد و بەغدا چارەسەر دەکەن و هەموو کاتیش درۆیان کردوە و دوای هەندێ گفتوگۆی پڕلە سەرێشە و بێ ئاکام بڕیاری شەڕیان داوە دژ بە کوردستان...هەموو کاتیش دەبن بە هۆی سەرێشە بۆ کورد و ئامرازی نابودکردنی خۆیان.

سادەترین مرۆڤی ئەم جیهانە لە بێ عەقڵی و نەزانکاری سیاسەتوانان و کاربەدەستانی حکومەتی ودەوڵەتی عێراق چ عەرەبی سوننی و چ عەرەبی شێعە سەری سوورماوە. سادۆمازۆشیسیمی سەرۆکوەزیران و سەرۆککۆمارەکانی عێراق(بێجگە لە جەلال تاڵەبانی و فوئاد مەعسووم) وا کۆمەڵێ خەڵکی بابردەڵە وبووکە شووشەی سیاسی بوون لە گەمژەیی و نەزانکاری و خۆئازارداندا، دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەمانخاتەوە بیری ئەو چیرۆکە عەرەبییە کە دەڵێ خەلیفەیەکی ئیسلامی لە بەغدا لە ئەوپەڕی گێلیدا لە تەنیشت دجلە دانیشتبوو و گەوهەرە نایابەکانی خەزێنەی وڵاتەکەی دەنکە دەنکە فڕە دەدایە ناو دجلەوە و دەیکوت قوڵپەی ئەو ئاوە چەندە خۆشە کاتێ گەوهەری تێدەخەم!

ناگەڕێمەوە ناو قەیرانەکانی حزبەکەی مام جەلال بە هۆی هەبوونی کاتیی ئەو لە سلێمانی لە٢٠٠٣وە هەتا دوێنێ کەلە ئاڵمانیا کۆچی دوایی کرد،بەڵام یەک ڕاستی لە پێشی چاوی هەموواندایە،لەو ساڵانەدا وا مام جەلال لە بەغدا هەوڵی بۆ یەکخستنی عێراقیەکان دەدا و بە بەهای سەلامەتی خۆی تەواو بوو،حزبەکەی خۆی تووشی ئاژاوە هات و کێشەکان سەری هەڵدا،تەنانەت گەییشتە ئاستی لێکترازان و ڕێکخراوی گۆران بە سەرۆکایەتی جەنابی نەوشیروان مستەفای لە ناخییەوە لێ درووست بوو،دوای خانەنشین بوونی سەرۆک مام جەلال بە هۆی نەخۆشینەوە لە دێسەمبەری٢٠١٢ و ناتەواو مانەوەی دەوری دووهەمی سەرکۆماریی مام جەلال کێشەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەری هەڵدایەوە و گەییشتە ئاستی ئەوەی د.بەرهەم ساڵح و خاتووهێرو برایم ئەحمەد هاوسەری ڕەوانشاد مام جەلال کەوتنە داوی ململانێ و بەرەنگاربوونەوەیەکی دژوار...

مام جەلال بە تەواوەتی دەستی کورت مایەوە لە ئیدارە کردنی ڕەوشە ئاڵۆزەکەی ناوحزبەکەی بەڵام زیندوبوونی بەڕێزیان هێزێکی مەعنەوی دەدا بە کەسانێک وا نۆستالژیای ڕۆژانی ڕابردوویان هەبوو...سەرەڕای ئەوەی باری تەندرووستی بەرەو خراپتربوون دەچوو...زۆر دژوار بوو بکوترێ کۆتایی بە ژیانی سیاسی مام جەلال هاتوە، بەڵام ئەو ڕاستیە تاڵە لایەنگران و دۆستانی ئەوی لە ماوەی پێنج ساڵی نەخۆشینی بەڕێزیاندا لە بەرزەخدا هێشتبووەوە لە نێوان بێ هیوایی یان هیوا بە ئایندەیەکی ناڕوون لە نەبوونی سەرکردەکەیاندا.

# ٣

بریاری بەڕێوەچوونی گشتپرسی ٢٥ی سێپتەمبەری٢٠١٧ درا وحزبەکەی مام جەلال دەستی باڵای هەبوو لە گەڵ حزبەکەی جەنابی بارزانی و ئەوان پێکەوە لەگەڵ چەند حزبی دیکەی کوردستان بە هاوفکری یەکتری ئەم تەگبیرەیان کرد...

گشتپرسی بەڕێوە چوو و کۆمەڵێ پشێوی سیاسی لە عێراق و دەوروبەردا درووست کرد ئەوەش سروشتی یە لە بەر ئەوەی سێ وڵاتی دەوروبەری عێراق دانیشتووی کوردی تێدایە و هاوتەریب لەگەڵ عێراق،ئەو سێ دەوڵەتەی دیکەش کێشەی کوردیان هەیە.

ڕێفراندۆمی ئەرێ یان نا بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، بە پێچەوانەی بۆچوونی دەوڵەتی ناوەندی عێراق لە بەغدا و هەروەها سێ وڵاتی دەرگیر لەگەڵ دۆزی کورد واتە ئێران، سوریا و تورکیا کارتی زەختکردن و گووشاری سیاسی نەبوو.

تاقی کردنەوەی ڕای گشتی کورد لە باشووری کوردستان و کاردانەوەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و دەوڵەتە دەرگیرەکانیان وڕەنگدانەوەی لە بیروڕای سیاسی دەوڵەتەکانی ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و دنیا بە گشتی بوو،هەر بۆیە ئەو چواردەوڵەتەی وا دەستەویەخەی دۆزی کوردن قەت بیریان لەوە نەدەکردەوە کە سەرکردایەتی باشووری کوردستان بریاری وا بدات و چواردەوری خۆی بئاڵۆزێنێ...

بەڵام ئەوان بیریشان لە یەک خاڵی هەستیار نەکردبووەوە: گەلانی چەوساوە دوای تێپەڕاندنی قۆناغەکانی ژێردەستەیی وەک ڕاپەڕینی هزری و ڕاپەڕینی بەرگریکارانە واتە شۆڕش و دوای بینینی شکست و نەهامەتی و بووژانەوە و هەستانەوەی دووبارە و چەندبارە ،لە ئاستێکدا توانای هەڵگرتنی زیاتری باری ناکامی و شکست و چەوسانەوە و بچووک بوونەوە و نادیدەگرتنیان نامێنێ و لە گیانی خۆیان دەبوورن.

برینی بەشە بودجەی ٪١٧ی هەرێمی باشووری کوردستان لە بەشە بودجەی فێدێراڵ لە مانگی ١٢ی٢٠١٣دا و لە کوتوپڕدا لە لایەن سەرۆکوەزیران نوری مالکی یەوە کەلێنێ نێوان هەولێر و بەغدای هەراو کردەوە و شەڕی داعش دوای ئەو بێ ئابڕوییەی ئارتەشی فێدێراڵ لە موسڵ کە بە جلی

ژنانەوە لە دەست ٣٠٠ تیرۆریستی داعشی هەڵهاتن و پەنایان بۆباشوری کوردستان هێنا و پارێزگاری موسڵ "ئەسیل نۆجەیفی" پەنای هێنایە داڵدەی کورد ،بەغدای تووشی قەیران کرد،کش و مات !

بەڵام کورد بە تێوەتلان لە شەڕی داعشدا کە یەکێتی نیشتمانی پێداگر بوو لە ئەنجامدانی لە نەبوونی سەرۆک مام جەلال دا، بەغدای لە کەوتن و داگیربوون لە دەستی داعش ڕزگار کرد.هەرچەندە لابردنی مالکی و هێنانە سەرکاری حەیدەر عەبادی نە بەغدای لە قەیران ڕزگار کرد و نە بودجەی بۆ کورد گێرایەوە.

گەلی کورد تووشی قەیران وئارتەشی کوردستان تووشی شەڕ لەگەڵ داعش هات.کاربەدەستانی دەوڵەتی فێدێراڵ لە بەغدا چێشتی چەوریان دەخوارد و ئاوی ساردیان هەڵدەقوڕاند و لە کاتێکدا سەرتابەپێ نوقمی گەندەڵی و مایەپوچی هاتبوون کەوتنە تەشقەڵە کردن و گزەلێدان لە کورد، چونکە کورد سەرەرای ئەوەی کەمی دەخوارد و کز دادەنیشت و ڕۆڵەکانیشی لە بیابانی موسڵ بەکوشت دەچوون بەڵام ئازایانە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە دەکرد و بێ منەت بوو لە بەغدا

...

زۆر ئەحمەقانەیە بڕوا بە دۆستایەتی بەغدا و دەوڵەتانی دەورووبەر لە گەڵ کورد بکرێ کاتێ "نان" بکەن بە ئامرازی بەچۆکداهێنانی گەلی وڵاتێک وەک باشووری کوردستان.

کورد هیچ کات لێدوانەکانی سەرۆکەکانی عێراق و تورکیا و ئێران لە بیرناکات لە ڕۆژی دوای بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم واتە ٢٦ی٩ی٢٠١٧ کاتێ یەکێ وەک ئەردۆغان بە گەلی کورد لە باشوری کوردستانی کوت" ڕاوەشاندنی ئاڵای سەربەخۆیی سکتان تێر ناکات."


مرۆڤ ئارەقەی شەرم دایدەگرێ و دەکەوێتە بیری هیتلێر و هاودەستەکانی کاتێ بە ملوێنان خەڵکی جوولەکەی دەخستە فایتۆنی ترەنەکانەوە و دەرکی لەسەر دادەخستن وسەرانسەری ئەوروپای پێدەکردن بۆ ئاشڤیتس ... برسی کوژ-ی دەکردن...هەر لەبەر ئەوەی جوولەکە بوون ...

بەڵام هاژە و هووژەی سەرانی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان و فڕکە فڕک و جموجۆڵیان لە هەواڵی کۆچی دوایی مام جەلال تاڵەبانیدا نوقم بوو...کورد بیری لە چواردەوری بڕا...هیوایێکی نوێ درووست بوو بۆ یەکگرتن و کوردایەتی : ئاڵای کوردستان درا بەسەر دارتەرمی مام جەلال دا...ئەوەش فاشیستەکانی عێراقی تووڕە کرد...

# ٤

دوێنێکە سەرۆک مام جەلال لە نزیک ماڵەکەی خۆی لە بەرزایی دەباشان لە سلێمانی بە خاک سپێردرا.هەواڵنێری کاناڵێکی هەواڵ کوتی ڕێکەوتێکی سەیرە لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژەدا و لە دووساڵی جیاوازدا هەمان ڕێوڕەسمی پرسانەی سێ کەسایەتی بەناوبانگی دیکەی کورد و باشوری کوردستان بەڕێوە چووە: یەکەمیان ساڵی ١٩٩٣ و گێڕانەوەی تەرمەکانی سەرۆکی نەمر "مەلامستەفا بارزانی" و سەرکردەی شەهید "کاک ئدریس بارزانی" لە شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ بارزان لە باشووری کوردستان و دووهەم بەخاک سپاردنی "شا"ی باشووری کوردستان "شێخ مەحموود حەفیدزادەی بەرزەنجی" لە مزگەوتەگەورەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٦دا بووە.

مێژووی ئێمەی کورد و سەرۆک و سەرکردەکانی پڕە لە چیرۆکی دەربەدەری ولانەوازی وبەلەنگازی بەڵام گەردەنگازانە و ملبەرزانە...
مام جەلال ساڵانێکی دوورودرێژ خەباتی کرد لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی، برایم ئەحمەد، د.عەبدوڕەحمان قاسملو، د.سەعید شەرەفکەندی،عەبدوڵا ئوجالان، نەوشیروان مستەفا و لە کۆتاییدا لەگەڵ مەسعود بارزانی ...



ئەم هاوخەباتیانە دابڕان و لێکترازانی تێدا بووە بەڵام ئیترئەویش وەک ئەوان (بێجگە لە جەنابی سەرۆک کاک مەسعود بارزانی کە خوا بیپارێزێ و ئەوانی دیکە مەنزڵیان دەستە ڕاستی خودا بێ) پەیوەست بە مێژوو بوو.

هەرچی بکوترێ و بنوسرێ تەنیا گێرانەوەیە و ئەگەر کەسێک بیەوێ ڕەخنەگرانە بنووسێ تەنیا خەریکی لێکدانەوەی " علت و معلول"-ی ڕووداوەکان دەبێ و لاوانەوە و بوغزاندن وقوڕپێوان بێ واتا و بێ ئێعتبار دەبێ....

بێ ئێعتبار لەپێناو کەسایەتی ئەو،بەڵام وانەی ژیان و ئامۆژگاری بە زیندووەکان دەدات بۆ ئەوەی ڕێگەی ژیانی یەک سەرکردەی سیاسی کورد پڕە لە کات و ساتی جەنجاڵی و مەترسیدار...هەربۆیە بڕیارەکانی یەک سەرکردە بۆچارەنووسی خەڵکەکەی، لە ڕێگەی ژیانی دەیان نەوە و کوڕاوکوڕیان کاردانەوەی بنچینەیی هەیە.

مام جەلال هەروەک پێشتر نووسیومە سیاسەتمەدارێکی تاکتیک گەرا بوو نەک ستراتێجیست.

هیچکات قایل بەوە نەبوو لە نەخشە ڕێگەکەیدا درگای تەنگ (حل سخت) بۆ تێپەڕ بوون لە قۆناغە دژوارەکان هەڵبژێرێ. هەموو کات بیری لە ڕێگەی میانە و ناوەڕاست دەکردەوە نەک ڕێگەی دژواری پڕمەترسی.
جەنابیان وەک هەندێ دەرهێنەرێکی سینەما بوو کە سەرەڕای هەبوونی سێناریۆی بەردەستی، لە کاتی وێنەهەڵگرتندا بڕیارەکەی بگۆڕێ و بیرۆکەیەک ببێت بە هۆی گۆڕینی سێکانس یان تەنانەت داهاتووی فیلمەکە.
مام جەلال لە سیاسەتدا لە ڕووداوە نەخوازراوەکان "الهام"ی وەردەگرت و ئاڵوگۆڕی بەسەر نەخشەڕێگەکەیدا دەهێنا..ئەوەش بەرنامەی کەسانی دەوروبەری خۆی تێکدەدا لەبەر ئەوەی خۆڕێکخستن لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازە پێویستی بە کات و زەمینەی پێشتر هەبوو،ئەوەش ئاڵۆزی و ناکۆکی درووست دەکرد، هەر بۆیە کاتێ کە لە لوتکەی متمانەی مەلامستەفا بارزانیدا بوو دوای ئەوەی کێشەی بەڕێوەبردنی تاکتیکەکان لە نێوان برایم ئەحمەد سێکرێتێری پارتی دێموکراتی کوردستان و مەلامستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ١١ی سێپتەمبەری١٩٦١ی باشوری کوردستان سەریهەڵدا، لایەنگری لە برایم ئەحمەد کرد و مەلا مستەفای بەجێهێشت.



بەڵام ئەو ڕاستیە ناشاردرێتەوە بۆ سازدان و سازمان کردن هێز و توانایێکی بێوێنەی هەبوو.هەر بۆیە لە ١٩٧٦دا شۆڕشی جۆلەمێرگی لە باکووری کوردستان بەرپاکرد و توانای داچڵەکاندنی دوژمنەکانی کورد وەک ئێران و تورکیا و عێراقی بە جیهانی سیاسەت نواند. ئەوە لە کاتێکدا بوو تارای ڕەش درا بوو بە سەر بووکی ئاواتەکانی گەلی کورد دوای نسکۆی ١٩٧٥لە شۆڕشی باشووری کوردستان.
بەخت لەگەڵ شۆڕشی کورد بوو کاتێ ساڵی ١٩٧٩ دوژمنی دێرینەی کورد محەمەدڕەزاشای ئێران دوای ڕاپەڕینی ئێرانیەکان بە سەرۆکایەتی ئاییینە محافظەکارەکان ئێرانی بەجێهێشت و نەگەڕایەوە.
ئەوە وای کرد کورد لە ئێران و کوردانی پەنابەری وەک بەڕێزان: جەلال تاڵەبانی و ئدریس و مەسعود بارزانی وا لە ١٩٧٥وە لە ئێران دەژیان بڕیاربدەن خۆیان ڕێک بخەنەوە و کاتێ ساڵی١٩٨٠ ئێران و عێراق شەڕیان دژ بەیەک دەست پێکرد، کورد هەستی بە ئاسوودەیی کرد کە نەهامەتی لە سەریان

لاچووە ... پێشتر جەلال تاڵەبانی هێزەکانی خۆی ناردبووە چیاکانی سەرسنوور،کاتێ شەڕی کورد و تاران دەستی پێکرد، سەرۆک مام جەلال هاتە کایەکەوە و خۆی و پێشمەرگەکانی شان بەشانی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران شەڕیان کرد،تەنانەت لە دامەزراندنی "سازمانی کۆمەڵە"ی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا یارمەتیدەری گەورە بوو.

# ٥

دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبەری٢٠١٧ ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان کرا،گەلی کورد لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی خۆی هەڵداوەتەوە بۆ دیاری کردنی دەسەڵاتی ئیرادەی خۆی لەمەڕ وەدیهێنانی ئاواتی ٢٥٠٠ساڵەی بۆ گەڕانەوەی ئازادی جەماوەریی لە چوارچێوەی یەک نەتەوەی مۆدێرن بە گوێرەی شوناسی یاسای نێونەتەوەیی لەم چەرخەدا.

کاغەز و قەڵەم دەوری گێراوە لەم گشتپرسیەدا نەک فیشەک و بۆتی سەربازی...ئیرادەی سەربەخۆی تاک بڕیاری داوە نەک بەزۆرپیکردن و بە تۆپزی پاڵتیوەنان.

پێش هەموو شوێنەکان دەبێ سەیری پلەی بەشداربووانی کەرکوک بۆ ئەم ڕاپرسیە بکرێ.کاتێ مرۆڤ ئازاد بێ ڕای ڕاستەقینەی خۆی نیشان دەدات.ئێستا دەوڵەتی بەغدا دەیەوێ تۆڵە لە کەرکوک بکاتەوە. ئەو شارەی وا لانی کەم لە ساڵی ١٩٥٠وە تووشی گرفتاری و چەوساندنەوە و ئازار و پاکتاو هات و بە هەزاران مرۆڤی کورد لەوێ تووشی کارەسات و مەرگەسات هاتن.... بە هۆی سەرچاوە نەوتیەکانیەوە...

بەڵام ئەوەندەی نەوتی کەرکوک بۆ بەغدا گرنگ بوو،شۆڕشی کوردستان دڵەڕاوکێی بۆ ڕۆڵەکانی کەرکوک هەبوو، بۆ خەڵکەکەی...لە بەر ئەوەی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی بوون.. هەر بۆیە چەند خولی دانیشتنەکانی کورد و بەغدا لە نێوان ١٩٥٨وە هەتا ١٩٧٤ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراق لە دوایین چرکەدا لەسەر کێشەی کەرکوک پەکی دەکەوت و شەڕ و خوێنی هەڵدەگرساند.



خۆ لە مارچی١٩٧٠دا دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کورد پێکهاتبوو بۆ ئۆتۆنۆمی واتە نیوەسەربەخۆیی بۆ کوردستان بەڵام کاتێ نەمرمەلا مستەفا بارزانی کێشەی کەرکوکی هێنایەوە بیری لایەنی بەرانبەر،بەبێ دوودڵی دەوڵەتی بەغدا شەڕی ڕاگەیاند و بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی کوردستان وکۆتایی هێنان بە مەلامستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥دا باجێکی مێژوویی بە دەوڵەتی ئێران دا وپێنج ساڵ دواترلە ساڵی ١٩٨٠ بۆ پینەکردنی ئەو باجە، هێرشی کردە سەر ئێران و خەسارەتێکی قەرەبوونەکراوەی تووشی خۆی و ئێران کرد و لە کۆتاییدا سەری خۆی خوارد و سەدام حسێن سەرۆککۆماری عێراقی خستە چاڵی مەرگەوە و ئەوەش دۆخی عێراقە وا دەبینرێ کە گرسانەوە و ڕاوێستاویی پێوە دیار نیە و هەتا بڕوات خراپتر دەبێ.



بێ گومان بەو نەزانکاریانەی سیاسەتگێرانی عێراق دەینوێنن بارودۆخەکە خراپتر دەبێ و لایەنی کورد بە سۆز و متمانەبەخۆبوونێکی زۆرترەوە شەقاو دەهاوێ و هەنگاو هەڵدەگرێ.

بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی یەکێ لە کوڕەکانی مەلامستەفا بارزانی ماوەی چەند ساڵێکە بە ڕێککەوتنی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. ڕەخنەگرەکانی باس لەوە دەکەن شێوازی سەرۆکایەتی کردنی بەڕێزیان وەک شاهەنشایی ،خەلافەت و ئیمارەت وایە...بەڵام لە ڕاستیدا ڕەخنەگرەکانی جەنابی بارزانی هیچ مۆدێلێکی ڕێوەبەرییان پێشکەش نەکردوە بۆ ئەوەی پێشنیازی بکەن و گەنگەشەی لەسەر بکرێ،ئەوان کەسانێکی حزبی بوون و تەنیا ویستوویانە سەرۆکی حزبەکەی خۆیان بچێتە شوێنی بارزانی...هەر ئەوەندە.

هەر بۆیە بانگەوازکردنی نەیارانی بارزانی بۆ پیناسەکردنی وەک دیکتاتۆرێکی کورد، سەرکەوتوو نەبووە،لەبەر ئەوەی شێوازی هەڵسوکەوتیان و ئامرازەکانیان بۆ پڕۆپاگەندا سەرەڕای ژێست و فیگۆری ڕۆشنبیرانە بێجگە لە هەوڵدانی پۆپۆلیستی بە شێوازی گروپە سیاسیەکانی ئەمریکای لاتین و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی سەردەمی شەڕی سارد شتێکی دیکە نین. دروشمی change واتە گۆڕانکاری وسویچ لیدانی کەمپەینی نا بۆ ڕێفڕاندۆم بەداخەوە نەک فڕی بەسەر دێمۆکراسی و ئازادیخوازی بە شێوازی لیبێرالیسم و هێرمۆنۆتیک و دیدی ڕەخنەگرانەوە نەبوو تەنیا نواندنێکی سەرزارەکی و ڕواڵەتی بوون

بۆ کێش کردنی ڕای گشتی و سەرنجی توێژی شارنشین و چینی مامناوەندی کۆمەڵگە بەلای خۆیانەوە...

بەداخەوە ڕای چەندکەسێکی بەناوبانگی شۆڕشی کوردستانی بەلای خۆیدا برد و پێشینەی ئەوانیشی ڕووبەڕووی ڕیسکێکی مەترسیدار کردەوە و لە ئاکامدا خەڵک پشتیگرییان لە بانگەوازی بارزانی کرد بۆ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی...ئەوەش واتە بارزانی دەبێ قۆناغێکی نوێی سەرکردایەتی دەست پێبکات وەک کاریزمایەک کە دەبێ گەمیەکەی کورد لەم گۆلاوە بچووکە پڕ لە تمساح و شەپۆل و گۆم و گێژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیێنێتە کەناری ئارام و لەنگەری سەربەخۆیی بخاتە قووڵایی دەریای ئازادی و سەربەخۆییدا و گەل و میللەتەکەی لەسەر خاکێکی پڕلەسەروەری دابەزێنێ،هەر وەک نوح بۆ ژیانەوەی ژیان کردی و ئەوەی موسا بۆ عێبرانیەکانی کرد...

